بخاتەلاوە و، سووت لەو دەرفەتە مەزنە وەربگرێ کە رەخساوە بۆی، یەکودووی لێنەکا، رابکاتە بەغدا و، بەکراسی بەری خۆیەوە، خۆی بکاتەوە هاوولاتی دەولەتێکی رووخاو، کە هەشتاسال لەوەبەر، بۆ نەمانی تێکۆشابێ، ئەوجا خۆی بگەیەنێتە رەوشێکی وا چرووک و پەرپووت و تەپوو، کە وەک حەمەی حاجی مەحموو گوتەنی "دەستی لە بن هەمانەکە هاتبێتە دەرەوە"???

ئەم قسانەم قسەی ئەورۆم نین، سالانێکە ئەم قسانە دەکەم و هاوار دەکەم و، لە هەموو لایەکیشەوە دەبیسترێن، بەلام ناکەونە گۆرەپانی کارەوە، ئەگەنا، هەر پاش رووخانی سەددام، لە رۆژنامەی "میدیا" و "کۆنگرە" و گەلێک دەزگەی راگەیاندنی گشتیدا، باسی ئەوەمکرد کە جەعفەری کابرایەکی سەر بە رژێمی ئێرانە و دژ بە کوردە و ژنبرای مەلا سیستانیی فارسە و، مەلا سیستانیش کابرایەکە وەک خومەینی. ئەو چەندی پێبوو بۆ کوردی رۆژهەلات، ئەمیش هەر هێندەی پێیە بۆ کوردی باشوور. راستی و دروستی ئەم وتانەش، هەموو لەگەل رۆژگاردا کەوتنەروو. بەلام کاربەدەستانی کورد، کەوتنە پەسندان و هەلدانی سیستانی، تەنانەت مام جەلال دەیگوت: "سیستانی نیعمەتێکە خوا ناردوویەتی بۆ عێراق" و هەموویان، دەستیاندایە دەست جەعفەری، کە ئەودەمە کابرایەکی نەناسراو، و پێش ئەوەش، پەنابەرێک بوو لە لەندەن، عەیادەیەکی بچووکی کەم بایەخی هەبوو، لە پال ئەوەشدا، بازرگانیی بە فرۆشتنی گون و گورچیلەی مەرەوە دەکرد. کەچی ئەو جەعفەرییە بێدەسەلاتە، کە کرا بە "سەرۆکوەزیران"، بە یارمەتیی کورد، نەچوو بۆ پیرۆزبایی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و، نەچوو بۆ پیرۆزبایی دەستنیشانکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش بەلگەیەک بوو بۆ دوژمنایەتیی کورد و، دەبوو کورد هەر زوو دوور بکەونەوەلێی. ئەوجا، کە بەرۆژی نیوەرۆ، فێلی لەدەقی سوێندخواردنی کابینەی وەزیران کرد و، هەموو وەزیرە کوردەکانیش، بێجگە لە دوکتۆر "بەرهەم سالح"، نەچوون خۆیان جیابکەنەوە لێی، بەلکو ئەو سوێندە درۆیەیان خوارد بۆی و، مێش میوانیان نەبوو، ئێستە، پاش ئەم هەموو تاقیکردنەوە تفت و تالە و، پاش ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی پارلەمانتارە شیعەکان گەیشتووەتە ۱۲۷ و کوردیش بووە بە ٥۳ و بیست و چواری کەمکردەوە، تازە بەخێرێ، بیر لە لابردنی جەعفەری دەکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا، کە مەلا سیستانی و فەقێ موقتەدا سەدر، پشتگیریلێدەکەن. لەگەل ئەوەشدا، خوا بکا ئەم داخوازییە، کە نێویاننناوە "هێلی سۆر"، هەتا سەربێ و، وەرگرتنی زارۆکانە نەبێ و، وەک "هێلە سۆرەکان"ی لەمەوبەری بەسەر نەیەت.

کوردستان، بە سەردەمێکی یەکجار ترسناکدا تێدەپەرێ، کە مان و نەمانی کوردی پێوەیە. گەلێک دوژمن، دانیان تێژ کردووە لە کورد و، چاوەروانی کشانەوەی لەشکری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن، کە رەنگە ئەوەش زووتر رووبدا لەوەی باسدەکرێ. عێراقچێتیی لەتامبەدەری کاربەدەستانی کورد، کە ئەوەتە بەرێزێکی وەک کۆسرەت رەسوول، کە ئەندامێکی بالای سەرکردەیەتیی ی.ن.ک. ە، بێپەروا دەفەرموێ: "ئێمە (حیزبەکەی: ج.ن) بەرژەوەندیی گەلی عێراق لەسەروو بەرژەوەندیی گەلی کوردەوە دادەنێین"رۆژنامەی "الاتحاد"ی ئیماراتی ۲۰۰٦/۲/۹ .پێشموایە قسەکەی زۆر راستە و، ئەم عێراقچێتییە، نەیهێشت هێزێکی نێونەتەوەیی، بۆ رۆژی "نەوەک" لە باشووری کوردستاندا بمێنێتەوە. دەسەلاتدارانی کورد، لەباتی ئەوەی، بیر لەو دوارۆژە رەشە بکەنەوە، خەریکی ئاشتکردنەوەی شیعە و سوننە و، هێنانەوەپێشی جەنابی عەللاوین. کە ئەوەش نە کاری ئەورۆی کوردە و، نە کارێکی هەروا سادە و سووکە، کە بەزمانی شیرین و دەستەملانێی یەکدی بێتەدی و، عەللاویش هەر جەعفەرییە، بەلام لە بەرگێکی دیکەداو، ئەویشمان تاقیکردەوە.

وادیارە، ئەو هەلەی کە کێشەی مافی خاوەندارێتیی هێزی ئەتۆمی، کە ئێران بەخۆی رەوادەبینێ و تێرۆرکردنی رەفیق حەریری لوبنانی، کە رژێمی سووریای پێ تۆمەتباردەکرێ و، هەروەها ترسی رۆژاڤا و ئیسرائیل لەهاتنە سەرکاری "حەماس" لە فەلەستین، مالی حیزب و حیزبۆلکەکانی کورد ئاوابێ، کە هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنێ و، زۆربەشیان لە فارس ئێرانیتر و، لە عەرەبی سووریا سووریاییتر و، لە عەرەبی عێراق عێراقیترن،

بۆ لاپەرە ۳٤